# خوداو ناوی خودا لە دەسپێکی شیعریی شاعیرانی کلاسیکیی کوردیدا

د . بەکر شاکر عەبدوڵڵا کاروانی
زانکۆی سەلاحەددین / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

تاريخ استلام البحث : ٢٣ / ١١ / ٢٠١٦      تاريخ نشر البحث : ٢٦ / ١ / ٢٠١٧

## پێشەكی:

بەهۆی ئەوەی میللەتی كورد لەگەڵ میللەتانی رۆژهەڵاتی وەك : (فارس و تورك و عەرەب ) كەوتووەتە ژێرڕكێف وكاریگەری ئایینی ئیسلامەوە , بۆیە بەرهەمە ئەدەبییە كۆنەكەشی , كە بە كلاسیزم ناسراوە , لەچوارچێوەی ئایینی ئیسلام و قورئاندا رەنگی داوەتەوە " قورئانیش وەك یەكەم نووسراوی پیرۆزو سەرچاوەی ئاینی ئیسلام , زۆربەی (سوورەتەكان )ی بە ناوی خوداو زات و سیفاتی خودا دەستی پێ كردووە , هەموو نووسراوێكی كۆنی درێژیش لە ناو میللەتانی رۆژهەڵاتی موسڵماناندا لە قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە بە زۆری لاسایی كردنەوەو چاولێكردنی شێوەو ناوەڕۆكی قورئانەكەیە , چونكە وا باو بووە دەبێ لەو بچێ , یان بە ناوی خوداو زات وسیفاتی خودا دەست پێ بكات , هاو شێوەی چیرۆكەكانی ناو كتێبە پیرۆزەكان ,

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە :

بە شێوەیەكی گشتی دەستپێكی شیعریی وەك بابەتێك و دیاردەیەك لە شیعریی شاعیرانی رۆژهەڵاتیدا , بە كوردیشەوە تا ئێستا بە شێوەیەكی زانستییانە بەسەر نەكراوەتەوەو بە فراوانیش بە خوێنەرانی نەناسێندراوە " ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە شاعیرانی كۆنی كورد : ئەگەرچی كەسانی موسڵمان وپیاوی ئایینی و دڵسۆزی ئایینەكەیان و دەرچووی حوجرەو مزگەوتەكانیان بوونە , بەڵام وەك پێویست بایەخی پێ نەدراوەو لەلایەن رەخنەگران و مێژوونووسانی ئەدەبیشەوە بەسەر نەكراوەتەوەو وەك دیاردەیەك و رەگەزێك لە لێكۆڵینەوە ئەدەبیەكاندا نەبووەتە بابەتێك و جێگەی خۆی لەناو دەقە ئەدەبییەكاندا نەكردووەتەوە , هەر وەك لای نووسەران و شاعیرانی میللەتەكانی تری وەك فارس و تورك و عەرەب بەرچاو دەكەوێت " بۆیە لەم چوارچێوەیەدا (خوداو ناوی خودا لە دەستپێكی شیعریی شاعیرانی كلاسیكی كوردیدا ) وەك لێكۆڵینەوەیەكی رەخنەیی وەسفی بەسەر دەكەینەوەو دەیكەینە كرۆكی بابەتەكەمان .

**پێكهاتەی لێكۆڵینەوەكە**

ئەم لێكۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێكهاتووە , لە یەكەمیدا , كە بە ناوی : دەستپێك لە شیعریی شاعیراندایە , بۆ دوو تەوەر تەرخان كراوە , لە تەوەری یەكەمدا هەوڵمداوە چەمك و ماناو دەستپێك و هۆی بەكارهێنانی لای شاعیرانی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا بە گشتی و لای كورد بە تایبەتی بەسەر بكرێتەوەو چۆنیەتی تێگەیشتنی میللەتان بۆ ئەم بابەتە بخرێتە ڕوو , لە تەوەری دووەمیشدا : كەرەستەكانی دەستپێك لە شیعری شاعیراندا دەخرێنە ڕوو , بەشی دووەمیش كە تایبەتە بە بەكارهێنانی ناوی خوداو زات وسیفاتی خودا وەك دەستپێك و لە سەرەتای شیعری شاعیرانی كلاسیكی كوردیدا , ئەویش بۆ دوو تەوەر تەرخان كراوە , لە یەكەمیدا : هەوڵدراوە ناوی خودا وەك دەستپێك دیاری بكرێت و چۆنیەتی خستنە ڕووی لە لایەن شاعیرانەوە بە سەر بكرێتەوە , ئەویش بۆ دیالێكتە سەرەكیەكانی زمانی كوردی ئەوانەی مێژووی ئەدەبیان پێ نووسراوەتەوە تەرخانكراوە , هەروەها بە نموونەی گونجاو خراوەتەڕوو , لە تەوەری دووەمیشدا : بۆ زات و سیفاتەكانی خودا تەرخانكراوەو تیایدا هەوڵدراوە ئەو سیفەتانەی كە زاتی خودای پێ دەناسرێتەوە بە جوانترین وشەو دەستەواژەی كاریگەر نیشان بدرێت و بەسەر بكرێتەوەو نموونەی هەندێك لەم شیعرانە بخرێنە ڕوو , لە كۆتایشدا هەوڵ دراوە ناوەڕۆكی باسەكە بە چەند خاڵێك و لەچوارچێوەی ئەنجامەكاندا پێشان بدرێت , لەگەڵ دیاریكردنی گرنگترین ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە , بە هیوای ئەوەی توانرابێت كەلێنێك لە خەرمانەی ئەدەبی كوردی و بەشێك لە كتێبخانەی ئەدەبی پێ دەوڵەمەند كرابێت .

**بەشی یەكەم : دەستپێك( استهلال ) لە شیعری شاعیراندا :**

**تەوەری یەكەم : ١ - چەمك و مانای دەستپێك و بەكارهێنانی لە شیعردا :**

دەستپێك وەك ڕەگەزێك و بنەمایەكی شیعریی , هەر لە كۆنەوە لە شیعری شاعیرانی موسڵماناندا بەرچاو كەوتووەو شاعیران بە شێوەیەكی ڕوون و ئاشكرا لە شیعرەكانیاندا وەك ئامرازێك و هۆكارێك بۆ پابەند بوون بە ئایینەكەو دەربڕینی هەستی خۆشەویستی و سۆزو وەفاداری بەرامبەر بە خوداو بنەماكانی ئایینەكە پەنایان بۆ بردووە , یەكێك لەو جۆرو ڕێگاو شێوازانەش , كە لەلایەن شاعیرانەوە وەك دەستپێكێك بۆچوونە ناو بابەت و خستنە ڕووی بەرهەمەكانیان پەنای بۆ براوە : ناوی خوداو زات و سیفاتی خودا بووە[١]" هۆكاری ئەم پەنا بردنەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە : كە شاعیرەكان پیاوی ئایینی , وەك : شێخ و مەلاو دەرچووی حوجرەو مزگەوتەكان بوون , لە هەمانكاتدا بلاْوكەرەوەی ئایینی ئیسلام بوونەو خۆشیان بە داناو زانای ئایینەكەیان زانیوە , بە پێی وتەو فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلامیش ( محەممەد د.خ ) : زانایان جێگرەوەی پێغەمبەرەكانن[٢]" بۆیە لەچوارچێوەی ئەم وتەیەدا : شاعیران هەوڵیانداوە ببنە سەر قافڵە :

له گەیاندنی ناوەڕۆك و بنەماكانی ئایینەكەیان , هەروەها خۆشەویستی پێغەمبەرو ڕێز گرتنی لەلایەن خوداوەو هەڵبژاردنی بە نێردراوی خودا بۆ سەر مرۆڤایەتی[٣] كە بەخێرو بێرو ڕەحمەت زانراوە بۆ هەموو مرۆڤەكان , ئەمە جگە لەوەی كە سەرەتاو دەستپێكردنی ئایینی ئیسلامیش لەوەدایە : كە بۆ یەكەمینجار خودا فەرمانی بە پێغەمبەر كرد ( بخوێنێت بە ناوی ئەو خودایەی كە هەموو بوونەورێكی خوڵقاندووە )[٤], ئەمانەو گەلێك شتی تر وایان لە شاعیران كردووە : كاریان تێبكاو هەوڵ بدەن بەلاسایی كردنەوەو ئاوڕدانەوەو ئاماژەكردن بۆ ئەم شێوەیەی كە ئایینەكەی پێ دەستپێ كردووە , خۆشەویستی خۆیان پێ دەربخەن , چونكە شاعیران وەك هەر كەسێكی تر بە پێویستییان زانیوە لە دەستبردن و دەستكردن بە هەر ئیش و كارێك بە ناوهێنانی خودا , یان زات و سیفاتی خودا دەست پێ بكەن , ئەگەر نا : ئەوا ئەو ئیش و كارەیان بێ نرخ و بێ بەها دەبێت و نابێتە كارێكی پەسەندو گونجاو " واش باو بووە ناو هێنانی خودا لە سەرەتای بەرهەمەكانیاندا ڕێ خۆشكەرو دەستكراوەییە لە خێرو بێر بۆ شاعیرو هاندەرێك دەبێت بۆ بارینی ڕەحمەت و بەرەكەت بەسەر شاعیردا , مەبەستیش لێی دەوڵەمەند بوونیانە لە بۆ هات و فراوانبوونی هزری شاعیرییەتی لە خەیاڵی قووڵ و بەدیهێنانی وشەو ڕستەی جوان و گونجاو بۆ مەبەستە تایبەتییەكانی بەرامبەر ئەو كارەی دەیكات , كە شیعر نووسینە , بێگومان ئەم تێڕوانین و بۆچوونانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە : بڕوا هێنانە بەو فەرموودانەی پێغەمبەری ئیسلام( محەممەد د.خ ) كە فەرموویەتی: (كل كلام أو أمر ذی بال لا يفتح بذكر ألله عزوجل فهو أبتر أو قال أقطع) یان : (كل أمر ذی بال لم يبدأ بسم ألله فهو أبتر أو أجدع)(٥), یان: (بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شیء لا في ألارض ولا في السماء)[٦], جا لە چوارچێوەی ئەو فەرموودانەدا نووسینیش وەك هەر كارێكی تر پێویست بووە , كە: بە ناوی خودا دەستپێ بكرێت و گرنگترین ئەو سیفاتانەی كە زاتی خودای پێ دەناسرێتەوە بخرێنە ڕوو .

**تەوەری دووەم : كەرەستەكانی دەستپێك لە شیعری شاعیرانی كلاسیكیدا :**

دەستپێك وەك هەر بابەتێكی تری ئەدەبییاتی ڕۆژهەلاتی و تایبەت بە میللەتانی موسڵمانان , مێژوویەكی كۆنی هەیەو بۆ سەردەمی پێش هاتنی ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە , ئەگەرچی لە دوای پەیدابوون و بلاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام , بە تایبەتی لە سەرەتادا بایەخێكی ئەوتۆی نەبووە , بەلام پاش پەرەسەندنی ئایینەكەو بلاوبوونەوەی بە ناو میللەتانداو بۆ ڕاپیكردنی كاروباری ئایینی و ئیداری لە نێو ناوچە ئیدارییەكانی ژێر دەسەلاتی موسڵمانانددا , زیاتر ڕۆڵ و كاریگەریی لە بەجێ هێنانی مەبەست و مەرامەكانی تایبەت بە چۆنییەتی بەكارهێنانی , بەرچاو كەوت و شوێنی خۆی لای خوێندەوارو ڕۆشنبیرانی ئەوكاتدا لە نووسینەكانیاندا گرتەوە , ئەمەش وای كرد : ئەم بابەتە یان دیاردەیە نەك هەر تەنها لە بواری ئایینیدا , بەڵكو زیاتر لە بوارێك خۆی ببینێتەوەو بچێتە ناو زۆر لە بوارەكانی ژیانداو بۆ زۆر

مەبەستی تایبەتی بەکار بهێندرێت , ئێمە لەم باسەماندا لە بواری ئایینی و تەنها لە ناو ئەدەب و لە شیعری شاعیراندا بەسەری دەکەینەوە , کە لە ناوهێنان و دیاری کردنی هێزو تواناو سیفاتەکانیدا خۆی دەبینێتەوە , ئەگەرچی دەستپێك وەك بابەتێکی ئەدەبی لە ئەدبیاتی ڕۆژهەلأتیدا بە زۆر کەرەستەو هیمای جیاواز خۆی بینیوەتەوە , وەك : ( ئەی , ئەلا , ئەیا , یا... )[٧] , کە ئەمانە ماناو ئاماژەن بۆ ناوی خودا , بەلأم لێرەدا ئێمە تەنها وشەی خوداو ناوی خودامان لە ئەدەبیاتی کوردی وەرگرتووەو هەوڵ دەدەین لە شیعری شاعیرانیدا بە نموونەی گونجاو بیخەینەڕوو , ئەگەرچی ئەم بابەتە یان دیاردەو ڕەگەزە لە ئەدەبییاتی میللەتانی ڕۆژهەلأت و دراوسێدا , بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی فارسیدا[٨]بە شێوەیەکی فراوان و بەرچاو ئاوڕی لیٚ دراوەتەوەو بەسەرکراوەتەوە , بەلأم لای میللەتانی تری وەك : ( عەرەب و تورك ) بەم ڕێژەیە نییە , کە شایەنی باسکردن بێت , ئەوەی هەیە لە ئەدەبی تورکیدا , هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە تا سەدەکانی (١٥, ١٦)ی زایینیش بەهۆی بەکارهێنانی زمانی فارسی لە دام ودەزگا کارگێڕی و میرییەکانداو لاساییکردنەوەو بەکارهێنانی لە بەرهەمە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانیاندا بە زمانی فارسی , بۆیە بەرهەمەکانیان دەچنە خانەی میراتی ئەدەبیاتی فارسی , لەئەدەبیاتی عەربیشدا ئەگەرچی کاریگەری ئەو بابەتە بۆ زمانی عەرەبی و ئایینی ئیسلام و قورئاندا دەگەڕێتەوە .

**بەشی دووەم : خوداو ناوی خودا لە دەستپێکی شیعریی شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا :**

**تەوەری یەکەم : ناوی خودا وەك دەستپێك لە شیعری شاعیراندا :**

لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا زۆر شاعیرمان هەیە : شیعریی درێژ , یان داستانی شیعرییان نووسیوەو تیایدا ڕووداوو بەسەرهاتی ڕاستەقینەو هەلێنجاویان لە ڕووداوەکانی پێش و سەردەمی خۆیان دەرهێناوەو مێژووی کۆنیان پیٚ نووسیوەتەوە , بە تایبەتی ئەو داستانە درێژو ناسراوانەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕێڕەوی ژیاندا هەبووەو ئەدەبی کوردییان پیٚ سەرسام کردووە , ئیتر چ داستانی دلٚداری بێت , یان قارەمانی , ئەم شاعیرانەش لە سەرەتای داستانەکانیاندا : بە ناوی خودا , یان بە زات و سیفاتی خودا دەستیان پێکردووە , پاشان چوونەتە ناو ڕووداوەکان و بە سەر هاتەکانیان گێڕاوەتەوە , ئەوەی لێرەدا پێویستە بگوترێت , ئەوەیە کە : ئەم شێوازەی دەستپیٚ کردنی شاعیران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە , کە : شاعیران خواپەرست و پیاوی ئایینی بوونەو بە ئەرکی سەرشانی خۆیانیان زانیوە , بنەماکانی ئایینەکەیان بلأو بکەنەوەو پەرەی پیٚ بدەن , لە هەمان کاتدا ڕێزو خۆشەویستی و وەفاداری خۆیان بۆ خوداو پێغەمبەرەکەی بخەنەڕوو ,

ئەویش بە ڕێزگرتنی پێغەمبەرەکەیان , هەروەك چۆن لەلایەن خودای خۆیانەوە ڕێزی لێ گیراوەو وەك نێردراوێك بۆ سەر مرۆڤایەتی بە شێوەی ڕەحمەت و بەزەیی ناسێندراوە , هەر ئەمەشە وای لە شاعیران کردووە کاریان تێبکاو هەوڵ بدەن بە لاساییکردنەوەو ئاوڕدانەوەو ئاماژەکردن بۆ ئەم شێوەیەی کە ئایینەکەی پێ دەست پێ کردووە ڕازو نیازی خۆیان پێ دەربخەن و خۆشەویستی خۆیان بۆ خوداو پێغەمبەرەکەی دەربڕن , بۆیە لێرەدا دەبینین : شاعیران هەوڵیانداوە لەم چوار چێوەیەدا لە هەموو ئیش و کارێکدا ئاوڕ لە خوداو ناوی خودادا بدەنەوەو هەر بە ناوی خوداش ئیش و کارەکانیان دەست پێبکەن و جێبەجێی بکەن " لە سۆنگەی ئەم تێڕوانینەوە , هەوڵدەدەین نموونەی شیعریی هەندێك لەو شاعیرە کلاسیکیانەی کۆنی کوردی بە پێی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بهێنینەوە , کە بە خودا یان ناوی خودا دەستییان پێکردووە , بە تایبەتی لەو داستانە شیعرییە[٩] درێژانەی کە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ناسراون , یان ناو بانگییان پەیدا کردووە , لەوانە : (مەم و زین , لەیلاو مەجنوون , یوسف و زولێخا , شیرین و خەسرەو , سر المحشر ) زۆرانی تر.

**١ - لە شیعری شاعیرانی دیالێکتی کرمانجی سەروودا :**

وەکو زانراوە داستانی شیعریی/ ڕۆمانی شیعریی بەزۆری لە ناوچە شاخاوییەکان و هەرێمەکانی باکوری کوردستاندا زیاتر لەچاو ناوچەو هەرێمەکانی تری کوردستاندا دەبینرێ , ئەمەش پەیوەندی بە مێژووی نووسراوو تۆمارکراوی ئەدەبەکەمانەوە هەیە , کە لەو ناوچانەدا زیاتر کەوتوونەتە بەر شالاوی کاریگەری و لاساییکردنەوەی ئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتی وەك : (فارسی و عەرەبی)دا , لەم تێڕوانینەوە کۆمەڵێك شاعیرمان هەیە , لە سەرەتای شیعرەکان و دیباجەی داستانەکانیاندا ئاوڕیان لە شیعریی ئایینی داوەتەوەو ناوەڕۆکی دیوانەکانیان پێ ڕازاندووەتەوە , بە تایبەتی هێنانی ناوی خودا لە سەرەتاو دەستپێکی شیعرە درێژەکانیاندا , بۆ نموونە :

**١ - ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ -١٧٠٧ز) :** یەکێکە لەو شاعیرە ناودارو کۆنانەی کورد , کە لە سەرەتای داستانە شیعرییەکانیدا , بە تایبەتی لە (مەم وزین)داو لە دەستپێکی دیباجەکەیدا , بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوی خودا دەهێنێت و داستانەکەی پێ دەست پێ کردووە , وەك دەڵێت :

**سەر نامەیێ نامە نامێ ئەڵڵا    بێ نامێ وی نا تەمامە وەڵڵا** [ئۆسمان , ١٩٩٠ , ٢٢]

خانی هەر بەوە نەوەستاوە کە : تەنها لە سەرەتاکەیدا ناوی خودای هێناوە , بەڵکو هاتووە لە چەندین دێری تردا ناوی خودا دووبارە دەکاتەوەو هۆی ناوهێنان و دووبارە کردنەوەکەشی دەخاتە ڕوو , کە مەبەستییەتی بڵێت : هەر نووسینێك گەر بە ناوی تۆ ئەی خودایە دەستپێ نەکات , یان هەر نووسینێك ئەگەر ناوی تۆی تێدا نەبێت نا تەواوە ئەی خودایە **[ئۆسمان , ١٩٩ , ٤٣٣]** .

ئەمەش ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەرمان[خەزنەدار ,٢٠٠٢ , ٣٤٢] وەك لە پێشەوەو لە پەراوێزی (ژمارە/٥)دا ئاماژەی پێ کراوە , کە دەڵێت :

**ئەی مەتلەعێ حوسنێ عیشقبازی مەحبووبێ حەقیقی و مەجازی**

**نامێ تەیە لەوحێ نامەیا عیشق ئیسمێ تەیە نەقشێ خامەیا عیشق**

**بێ نەقشێ تە نەقشێ خامە خامە بێ نامێ تە نامە نا تەمامە**

**نامێ تەیە شاهێ بەیتێ مەقسوود فیهرەستێ موکاتەباتێ مەحموود [ئۆسمان ,١٩٩٠, ٢٢]**

خانی هەر بەوە نەوەستاوە کە : لە سەرەتاو دەستپێکی داستانی مەم و زیندا ئاماژە بە ناوی خودا بکات , بەڵکو هاتووە لە فەرهەنگۆکەشیدا کە بە ناوی (نوبارا بچووکان)ە[10] بە هەمان شێوەو مانای سوورەتی(الفا تحە ) دیباجەکەی پێ دادەڕێژێتەوە[11] , وەك لە سەرەتاکەیدا دەڵێت :

**بسم الله الرحمن الرحیم مەبدەئێ هەر عیلمەکێ ناڤێ عەلیم [عەبدوڵلا ,٢٠٠٧ , ١٥١]**

**[ دۆسکی , ٢٠١٠ , ١٥] [ خەزنەدار ,٢٠٠٢ , ٣٧٣]**

ئەمە جگە لەوەی کە لە (یوسف وزولە یخا )کەشیدا هەر بەناوی خودا دەستی پێکردووەو دەڵێت :

**سەر دەفتەرێ جوملەیی کیتابان قەت نابە کو نابە ناوی سوبحان**

**حەققەن ئەوە خالیقمە غەففار بەر موزنبی عاصی و گونەهـ کار[قەرەداغی , ٢٠٠٠ , ٣٠٠]**

٢- <u>پرتەو بەگێ هەکاری (١٧٥٦ – ١٨٢٥ز)یش</u> لە سەرەتای دیوانەکەیی و لە یەکەمین شیعری ناو دیوانەکەیدا , وەك زۆربەی شاعیرانی تری کورد : بە ناوی خودا دەستی پێ کردووەو دەڵێت :

**سەر لەوحەیێ دیوانا ئەزەل ئەووەل چییە ئیسمێ خودا**

**فەرچە کو ئەم هەر صەفحەکێ ناڤێ خودێ کەین ئیپتیدا [دۆسکی , ٢٠٠٦ , ١٠٩]**

شاعیر هەر بەوە نەوەستاوە , کە تەنها لە سەرەتای شیعرەکەدا ناوی خودا بهێنێت , بەڵکو ناو هێنانی خودا لە هەر لاپەڕەیەکی دیوانەکەیدا بە فەرزی دەزانێت و بە کلیلی دەرگای هەموو دەرگایەکی داخراو دادەنێت , هەروەها بە ڕاگری ئەرزو ئاسمانیشی دەزانێت , وەك دەڵێت :

**ئەو ئیسمێ زیبا صەفحەیان ئارایشا هەر نوسخەیان [ دۆسکی , ٢٠٠٦ , ١٠٩]**

**فە تحا کلیدا دەرگەیان ب وی قائمن ئەرزو سەما [ئامێدی , ١٩٧٨ , ٥]**

شاعیر لە شیعرێکی تری موناجات و پاڕانەوە لەگەڵ خودادا , کە شیعرێکی درێژەو خۆی لە (١٢١) دێرە شیعری مەسنەویدا دەبینێتەوە , سەرەتا بە ناوی خودا دەستپێ دەکات و دەڵێت :

**سەرنامەئێ فە تحێ (این) موناجات چێکر مە ژبۆ قەچایێ حاجات[12]**

**دیباجە ب ناڤێ ئیسمێ (أللە) دانی مە ژبۆ رجائێ دلخواه [دۆسکی , ٢٠٠٦ , ٦٠]**

٣ - **حارسی بدلیسی (شاعیری سەدەی هەژدەهەم)** , كە لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا نازناوی (سەوادی) شە[دۆسكی , ٢٠٠٤ , ١٣] لە داستان و چیرۆكە شیعرییەكەیدا بە ناوی: (لەیلاو مەجنون) كە بەلای هەندێك لە رەخنەگرانەوە : رۆمانێكی شیعرییەو لە بنەرەتدا وەرگێڕان و لاساییكردنەوەی داستانەكەی نیزامی گەنجەوییە[13], شاعیر لە دیباجەی داستانەكەیدا , كە لە (٢٧) دێرە شیعری مەسنەوی پێكهاتووە[14] , بەناوی خودا دەستپێ دەكات ودەڵێت :

فهرستێ كتابێ ناڤێ مەعبوود قەییوم قەدیم و حەی و مەوجوود [دۆسكی , ٢٠٠٤ , ٢٥].

٤ - **شێخ محمدی كەربەلائی (بدرالدین : ١٣٠٣ك /١٨٨٥ز - ١٣٥٨ك/١٩٣٩ز)** لە فەهینۆكا (مرصاد الاگفال)دا كە فەرهەنگۆكێكی پەروەردەیی مندالانە بۆ فێربوونی زمانی فارسییە , شاعیر لە سالی (١٣٣١ك/١٩١٣ز) بۆ برازاكەی نووسیوەو لە سەرەتای ئەم فەرهەنگەیدا , كە لە (٢٥) دێرە شیعر پێكهاتووە , بە ناوی خودا دەستپێ دەكات و تیایدا دەڵێت :

ب ئسمێ پادشاهێ عالەم ئارای ب حەمدێ (ژێ الجلال)ێ نوگق بەخشای
شەهنشاهێ جهان وكەون و ئەزمان خوداوەندێ سەماو و خولدو نیران [دۆسكی , ٢٠١٠ , ٥١]

٥- **فەقێ رەشیدێ هەكاری(؟ -؟)** , لەسەرەتای چیرۆكی شیعریی : (سرالمحشر)[15]دا , كە داستانێكی ئاینییەو باس لە نهێنییەكانی رۆژی مەحشەردا دەكات , شاعیر سەرەتای داستانەكەی بە ناوی خودا دەستپێ دەكات و دەڵێت :

ئەووەل ساگرەك ب ئیسمێ (ألله) بەحیهك ئەم بكەین ژ(قدرت الله)
قودرەتا وی پورە نابت حسابە عاقل نكارن بكەن كتابە [ دۆسكی , ٢٠٠٤ , ٩٨ , ٢٦٩].

**ب - لە شیعری شاعیرانی دیالێكتی گۆراندا :**

لە ئەدەبی كوردی و لە (دیالێكتی گۆران)یشدا , كۆمەڵێك شاعیرمان هەیە , لە سەرەتای شیعرە درێژو هەندێكجار كورتەكانیشیاندا , ناوی خودایان هێناوەو بە ناوی خودا دەستیان بە دەربڕینی هەستەكانیاندا كردووەو دیوانەكانیان , یان داستانەكانیان پێ پیرۆز كردووە , وەك :

١ - **خانای قوبادی (١٠٩٨ك - ١١٦٨ك)** لە داستانە شیعرییەكەی بە ناوی (شیرین وخوسرەو/ ١١٥٣ك - ١٧٤٠ز) كە لە بنەرەتدا داستانەكەی نیزامی گەنجەوییەو بە دەستكارییەوە وەری گێڕاوەتە سەرزمانی كوردی - گۆرانی[16] شاعیر لە سەرەتاكەیدا بە ناوی خودا دەستپێ دەكات ودەڵێت

بەنام ئەو كەس (شیرین) ئەرمەن
پەیدا كەرد (فەرهاد) پەیش بت بە كۆ كەن [ قوبادی , ١٩٧٥ , ١]

٢ - مەولەوی تاوەگۆزی (١٨٠٨- ١٨٨٢ز) شاعیر , لە نامەیەکی شیعریی درێژدا , کە بۆ شێخێك , یان قورئان خوێنێك نێردراوە[١٧] لە سەرەتای نامەکەیدا بە ناوی خودا دەستپێ دەکات ودەڵێت :

ئیپتیدا بە نام حەیی لا یەنام          وە رەوچەی رەسول هەردەم صەد سەلام

(حافیڤ)بە حاجەت سی جزمەی کەلام          ئەو نە حیفقت بێ سەراسەر تەمام

[قەرەداغی, ١٩٩٨, ١٣٧]

٣ - میرزا خەلیلی منەوەر(١٨٥٥- ١٩٢٣ز) بەبۆنەی شەهیدبوونی شێخ ئەحمەدی بەرزەنجەو شێخ سەعیدی بەرزەنجە , کە دەکاتە براو باوکی شێخ مەحموودی حەفید[١٨], لە ساڵی (١٩٠٨) , کە ئەو کات لە شاری مووسڵ دەست بەسەر بوون , شاعیر بەم کارەی داستانێکی شیعریی مێژوویی تۆمارکردووە , کە سەرەتاکەی بە (پاتشای سەمەد) ناوی خودا دەهێنێت و دەڵێت :

ئیپتیدا بە نام (پاتشای سەمەد)          بوا چۆن داستان قەتل (شێخ ئەحمەد)

شەممێ جە تەعریف ئەو زات سەرور          مە بۆ بنویسوون بە نەزم و دەفتەر[کاکەیی, ٢٠٠٦, ٣٣]

٤ - میرزا عەبدولقادری پاوەیی (١٨٤٩-١٩١٠ز) یش لە داستانی: (رەوزەتو سەفا)دا[١٩] بە هەمان شێوەی شاعیرانی تر , سەرەتای داستانەکەی بە ناوی خودا دەستی پێکردووەو دەڵێت :

بە نامی بێ چوون " فەردی ژولجەلال   جیهان ئافەرین " رۆژو ماه و سالْ

یا حەیی بێ چوون " پادشای ئەکبەر قەدیم وقادر حەیی تەواناگەر [ هەورامانی, ٢٠٠٤, ٢٤٦]

٥ - شێخ عەزیزی جانەوەری (شاعیری سەدەی نۆزدەهەم) یش کە هاو سەردەمی شێخ عوسمانی تەوێڵە بووە , لە شیعرێکی شیوەنئامێزدا , بۆ مردنی شێخ عوسمان سیراجەددینی نووسیوە[٢٠] , لە سەرەتای شیوەننامەکەیدا , کو خۆی لە (٨٢) دێرە شیعردا دەبینێتەوەو بە ناوی خودا دەستپێ کردووە,تیایدا دەڵێت :

ئەوەڵ (بسم ألله) , ئەوەڵ (بسم ألله)

ئەوەڵ حەمد زات ئیسم بسم ألله          [ قەرەداغی , ٢٠١٠ , ١٤١] .

ج - لە شیعری شاعیرانی دیالێکتی کرمانجی خوارووودا :

ئاوڕدانەوەی شاعیران لە شیعری ئایینی و پابەندبوونیان بە بنەماکان و دەربڕینی خۆشەویستی لە ڕێگەی شیعرو داستانە شیعرییەکانیان بۆ ئایینەکەیان , دەکرێت بڵێین : یەکێك بووە لەو ڕێگایانەی کە بە هۆیەوە تواناو شیان و لێهاتوویی خۆیان پێ دەربڕیوە , ئەوەش بە : خۆ بە کەم زانین وبەرزڕاگرتنی پلەو پایەی خوداو پێغەمبەرو ئەو کەسانەی ڕۆڵیان لە پاراستن و بەردەوامی ئایینەکەدا هەبووە .

چونكه ئەمانە ڕێگەیەك بوونە تاكو خوداو پێغەمبەرو موسڵمانان لە خۆیان ڕازی بكەن و ئارامی بە دڵ و دەروونی خۆیان بدەن , شاعیرانی دیالێكتی كرمانجی خوارووش وەك شاعیرانی دیالێتەكانی تری ئەدەبی كوردی لەم كارەیان بێبەش نەبوونە , بەكارهێنانی خوداو ناوی خوداش لە دەستپێكی شیعری شاعیرانی ئەم دیالێكتەدا زۆر بە ڕوونی لە بەرهەمەكانیاندا بەرچاو دەكەوێت , وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا بە دیار دەكەون :

١- ئیبن الحاج (١١١٩ -١١٩٩ك) : مەلا محەممەدی حاجی حەسەن ناسراو بە هەزارمێردی , لە نامیلكەیەكی شیعریی بە ناوی : (مەهدی نامە) , كە لە ساڵی (١١٧٦ك)دا هۆنیویەتییەوە , لە شێوەی كۆپلەی چوارینداییەو لە (١٥٧) بەندی چوارینداا خۆی دەبینێتەوە , شاعیر لە سەرەتای نامیلكەكەیدا بە ناوی خودا دەستپێ دەكات و دەڵێت :

یارەب تۆیی ساحێب هودا      وەقتێ دەبین فیتنە بەدا
حیفزەن بكەی (یا ژا الندا)      بە ئیسمی تۆ بیدایەتی

هەروەها لە كۆپلەی پاشتردا , زیاتر دووپات لە ناو هێنانی خودا دا دەكاتەوە دەڵێت :

بیدایەتم بە ئیسمی تۆ      لە ژیكری فیتنەی خەڵقی تۆ
ویفقی حەدیسی نەبیی تۆ      زانیومە بە ئیرپییەتێ

[قەرەداغی , ٢٠٠٨, ٥٥],[بابێ لالۆ ,٢٠٠٤, ٤٨]

٢ - ئەدەب : میسباح الدیوان (١٨٥٩ - ١٩١٦ز) یش وەك هەر شاعیرێكی تری كوردو خواناسێك بۆ جێبەجێكردنی بنەماكانی ئایینەكەیی و خۆشەویستی بۆ خوداكەی , هاتووە لە سەرەتای و یەكەم شیعری ناو دیوانەكەی بە ناوی خودا دەستی دەكات و هۆكارەكەشی دیاریكردووە , وەك دەڵێت: نووسینی هەر نامەیەكم بە ناوی تۆ دەستپێ نەكات ئەی خودایە , یاخود سەرەتای ڕوودانی هەر كارێك بە (هو العلا) نەبێت ئەمە كارێكی ناتەواوە , كە ئاماژەیە بۆ ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر , كە وتوویەتی: (كل شئ و لم یبدأ بسم الله فهو أبتر أو أجدع)[كەلهور, ٢٠٠٨, ١٢٢] , هەروەك دەڵێت :

ئەی حەددی كبریات , وەرای فەهمی ماسیوا      وەی حەصری ئیعتیلات لە وەهمی مە , ماوەرا
چ بكەم ئەگەر نەكەم سەرنامە , بە نامی تۆ      چ بڵێم ! ئەگەر نەڵێم سەر دەفتەر : (هو العلا)

[كەلهور, ٢٠٠٨ ,١٢٢],[حەمەباقی , ٢٠٠٥ ,٤٣]

٣ - زێوەر( ١٨٨٥ - ١٩٤٨ز)ی شاعیریش لە چیرۆکی: ( خێوی ناو مزگەوت و صۆفی کەریمی چەرچی )دا[٢١] ,
کە چیرۆکێکی شیعریی درێژەو دوای تەواو کردنی و هەر بە زاری خۆی دەڵێت :
ئەم نامیلکەیەم پێشکەش کردن... هیوامە بەتاڵییەك لە کتێبخانەی کوردستان پڕبکاتەوە , شاعیر لە سەرەتای نامیلکەکەیدا نەك یەکجار , بەڵکو سەدجار بە ناوی خودا دەستپێ دەکات و دەڵێت :

**سەد جار بسم الله لە باتی یەکجار بە بێ ناوی خوا رێك ناکەوێ کار [زێوەر , ٢٠٠٣ , ٢٥٦]**

ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەمان فەرموودەی پێغەمبەر کە لە پەراوێزی ( ژمارە/٥ )دا ئاماژەمان پێداوە.

## تەوەری دووەم : زات و سیفاتی خودا لە دەستپێکی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا

باسکردن و ناو هێنانی خودی خوداو دیاریکردنی تواناو شیان و هێزو دەسەڵاتەکانی لە شیعری شاعیرانی کوردیدا , کە دەچێتە قاڵبی شیعری ئایینی و لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتیدا ئیلاهیياتی[٢٢] پێ دەڵێن , بە شێوەیەکی بەرچاوو مەبەستدار بەدیار دەکەوێت , بە تایبەتی لە شیعری شاعیرانی (کلاسیك)دا , ئەم ڕەگەزەی شیعریش لە ئەدەبی کوردیدا پانتاییەکی فراوان و پان و بەرینی گرتووەتەوە , بە هۆیەوە شاعیرانی کورد خۆشەویستی و پابەندبوونیان بۆ ئایینەکەو خوداکەی خۆیان , جگە لە پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئایینەکە بە کردارەکی , وەك : تاق و تەنیایی خودای مەزن بە (زات) و (سیفات)یەوە[٢٣], لەگەڵ (ڕۆژو نوێژو حەج و زەکات) [سەفی زادە ,٢٠٠٨, ٤٧٠], هاتوون بە شیعریش گەورەیی و توانایی خوداو ئەو هێزە لە ڕاددە بە دەرەی پێی ناسراوە بە جوانترین و کاریگەرترین شێوە خستووەتە ڕوو , وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت :

**١ - لە شیعری شاعیرانی دیالێکتی (کرمانجی سەروو)دا :**

**١- مەلا ئەحمەدێ جزیری( ١٥٦٧- ١٦٤٠ز)** , کە یەکێکە لە شاعیرە هەرە گەورەو زاناو عارفانی موسڵمانان , بە شیعرە بەرزو پڕماناکانی لە بارەی خواناسییەوە , دەکرێت بڵێین : بە سەرئامەدی شاعیرانی کورد دادەنرێت لە شیعری عیرفانییەوە , وەك لەم چەند دێرە شیعرەیدا دەردەکەوێت , کە خودای تاك و تەنیا لە کردەوەکانیدا جیا ناکاتەوەو هەموو بونێك لە کردگارەوە دەبینێت و هەمووشی هەر بە یەك دەزانێت , کە زات و سیفاتەکانی خودامان پێشان دەدات , وەك دەڵێت :

ألله سەحەر گاها ئەزەل زاتی تەجەللایا خودا
نورِا جەمالا لەم یەزەل یەلمومی عیشقێ شوعلەدا
زاتی تەجەللا بوو لزات بێ ئیسم و ئاپارو صیفات
ژ سیڕا حرووفێن عالییات خەف بو د سڕرو پەردەدا
زاتەك موقەددەس بوو وجوود جۆشش نەدا بو بەحری جوود
وەصف و ئیچافات و قیود یەك ژی تەجەللائی نەدا [هەژار , ١٣٦١ﻫ , ٥٤١]

یان دەڵێت : سیڕی وەحدەت ژ ئەزەل گرتییە حەتتا ب ئەبەد
واحیدو فەردە بزاتێ خوە وی نینن چو عەدەد
د قیدەمدا ئەزەل و عەینی ئەبەد هەردوو یەکن
سەرمەدییەت وە دخوازت نە ئەزەل بت نە ئەبەد
فەرقە واحید ژ ئەحەد لێ د مەقامێ صەمەدی
ب حەقیقەت کو یەکن هەردوو چ واحیدو چ ئەحەد [خەزنەدار , ٢٠٠٢ , ٢٦٠]

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە : زاتی خودا لە هەموو شوێنێك بوونی هەیەو هەر بەردەوامیشە .

٢ - ئەحمەدێ خانی (١٦٥٠ -١٧٠٧ز) یش لە پارچە شیعرێکی دۆزراوەی ناو دیوانەکەیدا , کە باسی زات و سیفاتەکانی خودا دەکات , هاتووە بەم دێرانە تواناو مەزنی و لێهاتوویی خودامان پێشان دەدات و وەسفی زاتی خودامان بۆ دەکات , وەك دەڵێت :

ئەی واحیدی پەنهان کو ژ زاتێ تە نە پەیدا
ئەڤ کەون و مەکان ئەرزو سەما گونبەد خەچرا
ئەرواح و عقول ئەنفوس و ئەعراج و جەواهیر
حالن د مصەوەر نە محەل و نە هیولا [قەرەداغی , ٢٠٠٠ , ١١٩]

خانی لەدیباجەی مەم وزینیشدا بە هەمان شێوە زات و سیفاتی خودامان پیشان دەدات و دەڵێت :

ئەی واحیدێ بێ شەریکێ یەکتا    وەی واحیدێ بێ نەزیرو هەمتا
ئەی باقی یێ بێ زەوالێ دائیم    وەی هادی یێ بێ فەنایێ قائیم
ئەی خالیقێ ئەرزو ئاسمانان    وەی خالیقێ جوملە ئینس و جانان
مولك و مەلەك و فەلەك ب جارەك    بیلجوملە تە چێ کرن تەبارەك
[خەزنەدار , ٢٠٠٢ , ٣٤١] [ ئۆسمان , ١٩٩٠ , ٢٤]

٣ - حارسێ بدلیسی (شاعیری سەدەی هەژدەهەم) یش لە دیباجەی (لەیلاو مەجنون) دەکەیدا , پاش ناوهێنانی خودا لە سەرەتاکەی , هاتووەتە سەر دیاریکردن و ئاشکراکردنی نهێنی زات و سیفاتەکانی خودا , کە تواناو قودرەت و هێزی خودامان بۆ ریز دەکات و دەری دەخات کە : هەموو کەون و کائینات لەبەر دەست و لەسەر دەستی ئەودا هاتووە , وەك تیایدا دەڵێت :

دیباجەیێ نامە نامێ مەعبوود قەییوم و قەدیم و حەی و مەوجوود
بێ شوبە و میال و عەدل و خالق سازەندەئی مومکنات و فائق
بێ ئەوەل و ئاخرو عەقیمی وەهاب و کەریم و رەحیمی

لە کوتاییشدا کە لە(٢٧) دێرە شیعر پێکهاتووە , شاعیر بەم شێوەیە کۆتایی پێدێنێت و دەڵێت :

هەرچی کو دڤێ وی بێ کلیدە سرڕا تە ژوێ ڤە نایە دیدە [دۆسکی , ٢٠٠٤ ,١٥]

٤ - پرتەو بەگی هەکاری (١٧٥٦ - ١٨٢٥ز) یش , لە نیشاندانی گەورەیی و بە هێزی خوداو بون و نەبوونیدا , وەك دیاریکردنی سیفاتەکانی , هاتووە بەم دێرە دەستپێ دەکات و دەڵێت :

ئێ ئەوولی نینە ژبۆ تە چو ئیپتیدا
ئێ ئاخری نەهن ژتەڕا هیچ ئینتیها [دۆسکی, ٢٠٠٦, ١٠٩],[ ئامێدی , ١٩٧٨ ,١٧].

ب - لە شیعری شاعیرانی دیالێکتی (گۆران) دا :

لەم دیالێکتەی زمانی کوردیشدا , کۆمەڵێك شاعیرمان هەن , لە سەرەتای دیوان , یان شیعرە درێژو داستان ئامێزکانیاندا بە ناوی خودا , یان زات و سیفاتەکانی دەستییان پێ کردووە , وەك :

١ - مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١١٩٣ - ١٢٤٢کۆچی) شاعیر , لە بارەی زات و سیفاتەکانی خودادا هاتووە , وەك شاعیرانی تر بە هۆی پابەند بوونی بە خودا پەرستییەوە : بوون و خودی خودامان پێ دەناسێنێت و بەم هەستانەی خوارەوە دەکەوێتە رازو نیازو گەورەیی و توانایی و بێ هاوتایی خودامان پیشان دەدات و دەڵێت :

یا فەرد ئەعزەم , یا فەرد ئەعزەم یا حەی یا قەییووم , یا فەرد ئەعزەم
یا شنە وەندی ناڵەی سوبحدەم پەنای بەندیان بەندیخانەی غەم
یا فرازندەی چەرخی موعەللەق یا نیگارەندەی نۆ تاق ئەزرەق
یا بانی بونیاد قوسوور ئەیوان رفعەت بەخشی تەخت سایەی هەفت کەیوان

تا دەگاتە کۆتایی و دەڵێت : رۆی رۆشن وەشەو شەووە رۆ ئاوەر
گەدایان وە شا , شا وە گەدا کەر (سەفی زادە , ٢٠٠٨ , ٥٥٦ - ٥٥٧ )

٢ - **مەولەوی تاوەگۆزی** (١٨٠٨-١٨٨٢ز) یش لە نامیلکەی : (عەقیدەی مرچیە)داو لە بارەی بوونی خودای ئەزەلی و دیاریکردنی سیفاتەکانی دەڵێت :

ئەزەل و ئەبەد بە بێ بیدایەت ئەبەدی و ئاخیر و بەبێ نیهایەت
ئەزەل پەیمانی دەگەڵ ئەبەد کرد ئەزەل هەڵیکرد ئەبەدیش وایکرد [مدرس , ١٩٧٨, ٩٧]

یان دەڵێت : ئەی گرد مەوجوودێ جە تۆ گرت مایە
مەوجود هەر تۆنی ما سیوا سایە [مدرس , ١٩٧٨ , ٥٤]

٣ - **میرزا عبدلقادری پاوەیی** (١٨٤٩ - ١٩١٠ز) یش لە داستانی : (رەوزەتوسسەفا)دا , کە پێشتر باسمان کردوو گوتمان بە ناوی خودا دەستی بەم داستانە کردووەو بە فەردی (ذولجلال) ناوی بردووە , پاشان هاتووە لە دێری دووەمەوە تا کۆتایی دیباجەکەی کە (٣٥) دێرە شیعرە , زاتی بوونی خوداو سیفاتەکانی یەکە بە یەکە دەخاتەڕوو , وەك دەڵێت :

یا حەیی بێ چوون " پادشای ئەکبەر قەدیم و قادر" حەیی تەوانا گەر
کەریم و کارساز" کەرەم فراوان رەحیم و ڕەحمان " تەمام عالەمیان
بێ ڕەنگ , بێ بەدەل , بێ شەریك بێ کەس زاتی بێ زەواڵ , فەردی فەریادڕەس
[هەورامانی, ٢٠٠٤, ٢٤٦]

٤ - **شێخ عەزیزی جانەوەرەیی** (شاعیری سەدەی نۆزدەهەم) یش لەو شیوەننامەیەی کە بۆ وەفاتی شێخ عوسمانی تەوێڵەی نووسیوە , لە پاش هێنانی ناوی خودا لە دەسپێکی شیوەننامە درێژەکەی , هاتووە زات و سیفاتەکانی خودا بە جوانترین وشەی لەبار دەخاتە ڕوو , وەك دەڵێت :

رەحمان و رەحیم بەخشندەی گونا کەریم و کارساز فەردی بێ هەمتا
قادرو قودرەت یەگانەی یەکتا رۆزی دەهەندەی تەمام ئەشیا
واقیف ئەسرار راز نیهانی صاحیب سیری غەیب پەردەی پەنهانی
زات بێ زەوال , دانای ژولجەلال شنەوای بێ گۆش ئاگای کل حال [قەرەداغی , ٢٠١٠, ١٤١]

**ج - لە شیعری شاعیرانی دیالێکتی کرمانجی خوارووا :**

شاعیرانی دیالێکتی کرمانجی خواررووش وەك شاعیرانی تر لە ناوهێنان و دیاریکردنی بوون و نەبوونی خودی خوداو ئاشکراکردنی سیفاتەکانی بێبەش نەبوونەو توانیویانە تا ڕاددەیەك جێ پەنجەی خۆیان بکەنەوەو ئەسپی خۆیان تێدا تاوبدەن , وەك لەم نموونانەدا نیشانیان دەدەین :

١ - مەلا محەمەدی سێوچی (جەفایی)یش لە چیرۆکی شیعریی (تزکرە العوام)[٢٤]دا , کە عەقیدە نامەیەکەو لەساڵی(١٣١٢ك)دا نووسراوەتەوە , شاعیر لەسەرەتای دیباجەکەیدا بە زمانی عەرەبی دەڵێت : (أما بعد فهذه فوائد مفيدة لاكثر عقائد الاسلام من : وجود ذات الله تعالى و وحدانيته , وأزليته , وأبديته , وثبوت صفاته السبعة القديمة) ئینجا هاتووە بە شیعر ئەم سوودو بنەمایانە بە شیعر دەخاتەڕوو , تیایدا زات و سیفاتەکانی خودامان پێ نیشان دەدات , وەك لە کۆپلەی دووەم و سێیەمیدا هاتووەو دەڵێت :

خودایی حەق بو بە گاق    بێ شەریك و بێ نەڤیر
قادر و فەرد و ڕەززاق    بێ وەکیل و بێ وەزیر
عالیم و حەییی و خەللاق    وهو السمیع البصیر
یان دەڵێت : ئەو خودایەك بوو عە ڤیم    بێ شەبیە و بێ میپال
هەم ڕەحمان و هەم ڕەحیم    ئەزەلیی و ژو لجلال
قاهیرو ڕەبب و کەریم    ئەبەدیی و لایزال [قەرەداغی , ٢٠٠٨ , ١١٦]

٢- دەرویش مستەفا : شاعیری سەدەی نۆزدەهەمی ناوچەی موکریان , لە شیعرێکی درێژی (١٦) کۆپلەییدا , کە بە بەیتی دەروێش مستەفا ناسراوە لە بابەت تەوحیدو خوداناسیدا , لە سەرەتای بەیتەکەیدا , کە بە وەسفی خوداو دیاریکردنی خودو زاتی خودا دا دەستپێ دەکات و دەڵێت :

پادشای عەرشی مەعمووری    صاحیبی جەننات و حووری
تۆ حاکمی بێ قوصووری    تۆی مەوجوودی نارو نووری
یان دەڵێت : ئەی (کنت کنزا مخفیا)    وەصفی زاتت ڕێی تێ نییە
نە عەرش و لەوح و کورسییە    نە جەننەت و نە حوورییە[قەرەداغی,٢٠٠٨, ٣٠٥]

٣- عەبدوڵلا بەگی مصباح دیوان یش لە یەکەم دێرو یەکەم شیعری ناو دیوانەکەی , بە ناوی خودا دەست پێ دەکات و بە دوو دێریش هۆی دەستپێ کردنەکەی خستووەتە ڕوو , پاشان لە دێری سێیەم بە نیشاندانی گەورەیی خودا دیوانەکەی پێ دەرازێنێتەوە , وەك دەڵێت :

ئەوەل ئەتۆی و ئاخیر ئەتۆی , هەرچی هەی , ئەتۆی
نەت ئیپتیدا لە ئەوەل و نەت ئاخیر ئینتیها

ئینجا هاتووەتە سەر دیاریکردنی سیفاتەکانی خوداو تا کۆتایی شیعرەکە , کە (١٤) دێرە شیعرە , بە نیشاندانی ئەو شتانەی کە خودای پێ دەناسرێتەوە دەخاتە ڕوو , وەك دەڵێت :

خەللاقی ئینس و جانی و ڕەززاقی دام و دود
سەتتاری عەیب پۆش و خەتا بەخشی (ژوالعگا) [حەمەباقی , ٢٠٠٥ , ٤٣]

٤ - **مەلا حوسێنی گورژی** : كە شاعیرێكی كلاسیكی ناوچەی موكریانی سەدەی بیستەمە , لە سەرەتاو دیباجەی دیوانی كوڵی دڵی مەلای گەورەی كۆیی"(٢٥)دا و لەبابەتی خواناسیدا بەم دێرانە دیوانەكە دەرازێنێتەوەو بە ناوی خودا دەستپێ دەكات و دەڵێت :

نێوی تۆ كە (الله) یە بە كوردی كە خودایە

سەر لە سوڕمانە لە تۆ , ئیتر دڵ لە كۆلایە

پاشان دێتە سەر دیاریكردنی بوون و نەبوونی زاتی خوداو گەورەییەكەی , وەك تیایدا دەڵێت :

هەر بووی و دەبی و نابێ و قەت نەبووە نەبوونت

لاچوو نیی و چونیت و نەچووی و نەچووی نییە چوونت [گورژی , ٢٠٠٩, ٢٣]

ئینجا بە وشەی كاریگەرو دەستەواژەی پڕ بە پێزو مانا سیفاتەكانی خودامان بۆ ڕێز دەكات و بە(٢١) دێرە شیعر دەسەڵات و هێزو توانای خودامان بۆ دەخاتەڕوو , وەك دەڵێت :

تۆ خواییكی وەها گەورەو زاناو بەڕێزی

لە هەموو خاوەنی هێزێك پتر خوایە بە هێزی[ گورژی, ٢٠٠٩, ٢٥]

ئەی هەموو بوونێك بەبێ تۆ هەر نییەو نابێ ببێ

بێ گومان دانی بە بوونت دا دەنێ زماندارو لاڵ

لە كۆتاییش و دەڵێت : گورژی هەر هێندە دەزانێ كۆیلەی خوایەكیە قەت

نامرێت و نا خوات و نانوێ و نابێ بە تاڵ [گورژی , ٢٠٠٩, ٢٧]

بە خستنەڕووی نموونەی شیعریی ئەم شاعیرە كلاسیكییانەی كورد , كە شیعرەكانیان لە دەرخستن و نیشاندانی گەورەیی و بە هێزی و توانایی خودادا دەردەكەوێت , بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە : شاعیرانی كورد لە دەربڕینی هەستی خۆشەویستی و وەفاداری بەرامبەر بە خوداو پێغەمبەرو ئایینەكەیان , لە هەموو خۆشەویستییەكی تر پیرۆزترو دڵسۆزتر بووە , هەر ئەمەشە بە زیندوویی هێشتوونیەتەوە لای گەلەكەیان .

## ئه نجام

له كۆتاییدا دوای خستنه ڕووی گشت لایه‌نه‌كانی , گه‌یشتینه ئه‌م ئه نجامانه‌ی خواره‌وه :

١ - شاعیرانی كورد چونكه پیاوی ئایینی وه‌ك : شێخ و مه‌لاو ده‌رچووی حوجره‌و مزگه‌وته‌كان بوونه , بۆیه ئاوڕدانه‌وه له شێوازو ڕوخساری سه‌رچاوه‌ی ئایینه‌كه‌یان و لاساییكردنه‌وه‌و دووباره‌كردنه‌وه‌یان به كارێكی ڕه‌واو په‌سندیان زانیوه , یه‌كێك له‌و جۆرو ڕێگاو شێوازانه‌ش , وه‌ك ده‌ستپێكێك بۆچوونه ناو بابه‌ت و خستنه‌ڕووی به‌رهه‌مه‌كانیان هاو شێوه‌ی سووره‌ته‌كانی ناو قورئانی پیرۆز: هێنانی ناوی خوداو زات و سیفاته‌كانی خودا بووه له ده‌ستپێكی شیعره‌كانیان .

٢ - ده‌ستپێك وه‌ك ڕه‌گه‌زێك و بنه‌مایه‌كی شیعریی , هه‌ر له كۆنه‌وه له شیعری شاعیرانی موسڵماناندا به‌رچاو كه‌وتووه‌و شاعیران به شێوه‌یه‌كی ڕوون و ئاشكرا له شیعره‌كانیاندا وه‌ك ئامرازێك و هۆكارێك بۆ پابه‌ند بوون به ئایینه‌كه‌و ده‌ربڕینی هه‌ستی خۆشه‌ویستی و سۆزو وه‌فاداری به‌رامبه‌ر به خوداو بنه‌ماكانی ئایینه‌كه په‌نایان بۆ بردووه‌و له ناو شیعره‌كانیاندا به‌كاریان هێناوه .

٣- فه‌رمووده‌كانی پێغه‌مبه‌رمان ( محه‌ممه‌د د.خ ) له پاڵ قورئانی پیرۆزو سووره‌ته‌كانی , وه‌ك سه‌رچاوه‌ی دووه‌می بنه‌مای ئایینه‌كه , وای له شاعیرانی كورد كردووه , به‌وردی و به درووستی په‌یره‌وی بكه‌ن و بیكه‌نه كرۆكی هه‌موو هه‌ڵس و كه‌وتێكی ژیانی ڕۆژانه‌و ڕه‌نگدانه‌وه‌ی له‌كارو كرده‌وه‌كانیاندا , به‌تایبه‌تی ئه‌و فه‌رموودانه‌ی كه ڕێنوێنی له‌ئیش و كاره‌كانی ژیانی ڕۆژانه‌دا ده‌كات .

٤ - ئه‌گه‌رچی ده‌ستپێكی شیعری (الاستهلال) وه‌ك بابه‌تێكی ئه‌ده‌بی له ئه‌دبیاتی ڕۆژهه‌ڵاتیدا به زۆر كه‌ره‌سته‌و هێمای جیاواز به‌رچاو ده‌كه‌وێت , وه‌ك: ( ئه‌ی , ئه‌لا , ئه‌یا , یا... ) , كه ئه‌مانه ماناو ئاماژه‌ن بۆ ناوی خودا , به‌ڵام لای شاعیرانی كورد , هه‌ر ته‌نها ئاماژه‌ی ناڕاسته‌وخویان بۆ نه‌كراوه , به‌ڵكو هاتوون به شێوه‌ی ڕاسته‌وخۆ وشه‌ی خوداو ناوی خودایان له سه‌ره‌تاو ناوه‌وه‌ی شیعره‌كاندا به‌كارهێناوه , واش باوبووه ناو هێنانی خودا له سه‌ره‌تای به‌رهه‌مه‌كانیان ڕێ خۆشكه‌رو ده‌ستكراوه‌یی بووه له خێرو بێر بۆ شاعیرو هانده‌رێك بووه بۆ بارینی ڕه‌حمه‌ت و به‌ره‌كه‌ت به سه‌ر شاعیردا , واته ده‌بێته (ئیلهامی شیعری) بۆیان , مه‌به‌ستیش لێی ده‌وڵه‌مه‌ندبوونیانه له فراوانبوونی هزری شاعیرییه‌تی له خه‌یاڵی قووڵ و به‌دیهێنانی وشه‌و ڕسته‌ی جوان و گونجاو بۆ مه‌به‌سته تایبه‌تییه‌كانی به‌رامبه‌ر ئه‌و كاره‌ی ده‌یكه‌ن , كه شیعر نووسینه .

٥- ئه‌گه‌رچی ئه‌م بابه‌ته , یان دیارده‌و ڕه‌گه‌زه له ئه‌ده‌بیاتی میلله‌تانی ڕۆژهه‌ڵات و دراوسێدا , به تایبه‌تی له ئه‌ده‌باتی فارسیدا به شێوه‌یه‌كی فراوان و به‌رچاو ئاوڕی لێ دراوه‌ته‌وه‌و به‌سه‌ر كراوه‌ته‌وه , به‌ڵام لای میلله‌تانی تری وه‌ك : (عه‌ره‌ب و تورك) به‌م شێوه‌یه به‌رچاو ناكه‌وێت , كه شایه‌نی باسكردن بێت , واته لای شاعیرانی كورد به هه‌موو دیالێكته‌كانیه‌وه زیاتر ئاوڕی لێ دراوه‌ته‌وه‌و بووه‌ته بنج و بنه‌مای ناو دیوانه‌كانیان و ده‌وڵه‌مه‌ند بوونیان له‌م بواره‌دا .

٦- بەكارهێنانی وشەی خودا , یان ناوی خوداو زات و سیفاتەكانی لای شاعیرانی كورد , لە شاعیرێكەوە بۆ شاعیرێكی تر جیاوازەو ڕێژەكەی لە نێوان زۆرو كەمیدا خۆی دەبینێتەوە , بەڵام لە ڕووی جۆرو شێوەی بەكارهێنانیەوە , بە زۆری لای شاعیرانی كۆن و سەدەكانی زوودا زیاتر بەرچاو كەوتووەو لە شیعرە درێژو داستان ئامێزەكانیشدا زیاتر خۆی بینیوەتەوە , كە ئەویش وەك لاساییكردنەوەو چاولێكردنی شاعیرانی میللەتانی دراوسێ پەنای بۆ براوە .

## پەراوێزەكان

١ - خودا : یان خودی خودا : واتە زات و سیفاتەكانی , كە خۆی لە بوونیدا دەبینێتەوە , ئەویش وەك : هێزو تواناو ئەودەسەڵاتەی كە هەیەتی , یان ئەو كارو كردەوانەی كە بەو بەستراوەتەوەو بەووە دەناسرێتەوە .

٢ - ئاماژەیە بۆ ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر , كە دەڵێت : ( العلماء ورثة ألانبياء ) .

٣ - ئاماژەیە بۆ سوورەتی : ( وما أرسلناك الا رحمة للعالمين )[ **سوورەتی** : ألانبياء , **ئایەتی** : ١٠٧] .

٤ - ئاماژەیە بۆ سوورەتی : (اقرأ بسم ربك الذى خلق , خلق ألانسان من علق )[ **سوورەتی** العلق , **ئایەتی** ١ - ٢].

٥ - ( مسند الامام أحمد بن حنبل , عدد/٨٠٣٥٥ ):[**حنبل** , ١٣١٣: ٣٥٩],[**ئامێدی** , ٢٠٠٦ , ١٥٥], [**مستەفا** , ٢٠٠٨ , ٢٦٨]

٦- پشتبەستنی شاعیران بۆ هێنانەوەی ناوی خودا , یان ئاوڕدانەوە لە زات و سیفاتی خودا بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە كە : پێغەمبەری ئیسلام ( محەممەد د . خ ) زۆرجارو لە چەندین موناسەبەت و بە چەندین شێوە دەری خستووە , كە شاعیران پێویستە لە بەرهەمەكانیاندا : ئاماژە بە ( خوداو ناوی خودا , یان زات و سیفاتی خودا )دا بكەن , بۆ ئەمەش وتەیەكی ( لەبید )ی شاعیری گەورەی سەرەتای ئیسلامی بە نموونە هێناوەتەوە , كە گوتوویەتی: (أصدق كلمة قالها شاعر , كلمة لبيد : فهو: ألا كل شيء ما خلا ألله باطل ) واتە هەر شتێك ئەگەر ئاماژەی تێدا نەبێت بۆ بوونی خودا : ئەوا كارێكی ناتەواوە[**الشافعی** , ١٩٨٤ , ١٨٧]"[**مەولود** , ٢٠٠٤ , ١٣١].

٧ - جگە لە وشەی خوداو ناوی خودا , زۆرجار شاعیران لە سەرەتای شیعرە درێژەكانیاندا , یان داستانەكانیاندا :

وشەی ( ئەلا , ئەی , یا , ئەیا ) یان بەكار هێناوە , كە هەمان ماناو مەبەست دەگەیەنێت , بۆ نموونە :

ا : شێخ عەبدلقادرێ هیزانی : ئەلا ئەی سەرورەرێ شاهان

تویێ دەرمانێ سەرداغان [دۆسکی , ٢٠٠٤ , ١٧٤]

ب : مەولەوی تاوەگۆزی : ئەی گرد مەوجودێ جە تۆ گرت مایە

مەوجود هەرتۆنی ماسیوا سایە , [مدرس , ١٩٧٨ , ٥٤]

ج : مەولانا خالیدی نەقشبەندی : یا فەردی ئەعزەم , یا فەردی ئەعزەم

یا حەی یا قەییوم , یا فەردی ئەعزەم [بابی لالۆ , ٢٠٠٤, ٥٥٦]

د : مەلا محەممەدێ فرسافی : ئەیا ئینسان تو جاهلی ژرەببی خوە هەم غافلی

ژگونەهان تەوبە بکە تو ژبۆ ویلایەت قابلی [مکری , ٢٠١١, ٩٠]

٨ - لە ئەدەبییاتی فارسیدا , ئەگەرچی لە ڕووی مێژووییەوە پەنابردن و ئاوڕدانەوە لە خوداو ناو هێنانی خودا لە دەستپێکی شیعرەکانیاندا : زۆر کۆنەو ڕەنگە بۆ پێش هاتنی ئاینی ئیسلامیش بگەڕێتەوە , بەڵام بە هاتنی ئایینی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی لە ناو میللەتانی فارسدا , بە تایبەتی لە دوای سەدەی دەیەمی زایینی/ سێیەمی کۆچییەوە , ڕووی لە فراوان بوون کردووەو شاعیرانیان زیاتر لە بەرهەمە درێژو چیرۆکئامێزەکاندا پەنایان بۆ بردووەو دەسترەنگینی خۆیان تێدا پیشانداوە , وەك لە نموونەی ئەم دوو شاعیرەدا نیشانی دەدەین .

ا - فیردەوسی تووسی (٣٣٠ك - ٤١١ك) کە خاوەنی داستانی شانامەی فارسییە(٣٧١ك) و مێژووی ئێرانەو زیاتر

لە(١٨) هەزار دێرە شیعر لەخۆ دەگرێت , شاعیر لەم کارەیدا خوداو ناوی خودا دەکاتە دەستپێك و دەڵێت :

بە نام خداوند جان و خرد

کزین بر تر أندیشە بر نگزرد [بایەزی , ٢٠١٣ , ١٩] [صفا , ١٣٨١ك , ١١٦]

پاشان هاتووەتە سەر دیاریکردنی زات و سیفاتەکانی خوداو گرنگترین ئەو تواناو دەسەڵات و هێزانەی پێی

دەناسرێتەوەو بە زیندوویی دەیهێڵێتەوە دەیخاتەڕوو , وەك دەڵێت :

خداوند نام و خداوند جای خداوند روزی دە رهنمای

خداوند کیهان و گردان سپهر فروزندە ماە تاهیر و مهر

ز نام و نشان و گمان بر ترست نگارندە بر شدە گوهرست [ بایەزی , ٢٠١٣, ٢٠]

ب - نیزامی گەنجەوی (٥٣٥ك/١١٤١ز-٥٩٩ك/١٢٠٢ز)یش , کە بە یەکێك لە شاعیرە هەرە گەورەو بەناوبانگی ئێرانی و بە شاعیری حەماسی و ڕۆمانسیش دەناسرێت , لە هەموو داستانە مێژوویی و دڵدارییەکانیدا , خوداو ناوی خودای بەسەرکردووەتەوەو لە دیباجەو سەرەتای داستانەکانیدا ناوی خودای هێناوە , وەك لە داستانی (لەیلاو مەجنوون ٥٨٨ك/١١٩١ز)دا دەردەکەوێت , کە دەڵێت :

أى نام تو بهترين سر أغاز    به نام تو نامەكى كنم ساز [براون , ٢٠٠٤ ,٥٠٧]

شاعير لێرەدا وشەی نامی بەكارهێناوە , كە مەبەستی ناوی خودایەو ئاماژەیە بۆ فەرموودەكانی پێغەمبەر , كە گوتوویەتی : سەرەتای هەموو شتێك دەبێت بە ناوی خودا دەستپێ بكات , بۆیە هاتووە ڕوو لە خودا دەكات و دەڵێت : ئەی خودا بە ناوی تۆ ئەم داستانە دەستپێ دەكەم , چونكە ناوی تۆ لە هەموو شتێك بەرزو پیرۆزترە .

٩- داستانی شیعریی : بابەتێكی سەرەكییە لە داهێنانی ئەدەبیدا بەزۆری لە ناوچە شاخاوییەكان و هەرێمەكانی باكوری كوردستاندا دەبینرێ , بنەچەی ئەم سەرچاوەیەش بۆ ڕۆژگارێكی یەكجار دێرینی سەردەمی هیندو ئەوروپی و ئێرانیەكانی پێش ئیسلامدا دەگەڕێتەوە , ئینجا سەرچاوە ئایینییەكان( جوولەكە مەسیحی ئیسلام ) كارێكی گەورەیان كردۆتە سەر ناوەرۆكی ئە مجۆرە ڕۆمان و چیرۆكە شیعرییانە [خەزنەدار , ٢٠٠٢ , ٤٢٥] .

١٠- نوبارا بچووكان: فەرهەنگۆكێكە بۆ فێربوونی منداڵانی كوردی داناوەو لە ساڵی (١٦٨٣ز) تەواو بووە [دۆسكی, ٢٠١٠, ٩] , شاعیر كارەكەی بە شیعر هۆنیوەتەوە , ئەم فەرهەنگۆكە لە دیباجەیەك و سێزدە پارچە( قیتعە )و پاشكۆیەك پێكهاتووە ,كە هەمووی (٢٠٨ ) دێرە شیعریی عەرووزییە , بۆ یەكەمینجاریش لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (ئەلبێرت فۆن لۆكۆك ) كۆكراوەتەوەو بەچاپ گەیاندراوە[ عەبدوڵلا ,٢٠٠٧, ١٠١].

١١- شاعیر لە( نوبارا بچووكان)دا , بە هەمان شێوەی سوورەتەكانی قورئانی پیرۆز بە ناوی خودا دەستپێ دەكات و دیباجەكەی بە هەمان شێوەی سوورەتی( الفاتحه ) دەخاتە ڕوو , كە ( الحمد لله رب العالمين)ە , وەك دەڵێت :

حەمدو پهناو شوكرانی   ژبۆ وی خالق و رەحمانی [دۆسكی , ٢٠١٠ , ٩],[خەزنەدار , ٢٠٠٢ , ٣٧٣].

ئەمەش هەمان دەستپێك و یەكەمین سوورەتی قورئانیشە , كە جۆرە لێكچوونێكی مەبەستدار دێتە بەرچاو .

١٢- ئەم شیعرە پێشتر لەلایەن:( صادق بهاوالدین ئامێدی )یەوە ئامادەكراوەو لێیكۆڵدراوەتەوەو بە(١٥٣ )دێرە شیعری مەسنەوی ئاماژەی بۆكراوە, هەندێ جیاوازی دەنگی لەگەڵ چاپەكانی تریدا هەیە[ئامێدی, ١٩٧٨, ٤٥]

١٣ - داستانی (لەیلاو مەجنون ) : یەكێكە لەو پێنج بەرهەمە نایاب و شاكارە مەزنەی نیزامی گە نجەوی (٥٣٠ك /١١٣٥ز- ٦٠٨ك /١٢١١ز) و سێیەم بەرهەمیەتی لە ڕووی مێژووی دانانییەوە , كە ل ساڵی ٥٨٤ك/ ١١٨٩ز) لە نووسینەوەی بووەتەوە , لەگەڵ بەرهەمەكانی تری وەك : ( مەخزەن ولئەسرار/٥٧٠ك , خەسرەو شیرین /٥٧٦ك , بەهرام نامە/ هەفت پەیكەر/٥٩٣ك , ئەسكەندەرنامە/٦٠٧ك ) بە ( خمسەيی نیشامی ) , یان پێنج گە نجە ناسراون [ براون , ٢٠٠٤ ,٥٠٧][ صفا , ١٣٨١ه , ٣١][ ڕیپین , ٢٠١٦ , ٢٢] .

١٤- شاعیر ئەم بەرهەمەی لە ساڵی : (١٧٥٨ز) داناوەو لە (٧٤٠) دێرە شیعرو لە (٢٤) فەصل پێكهاتووەو بە شیعری مەسنەوی و لە سەر كێشی هەزەج هۆنراوەتەوە [خەزنەدار , ٢٠٠٢ , ٤٢٦] .

١٥- چیرۆكی شیعریی (سرالمحشر) : ئەو داستانەیە كە شاعیر باسی هەندێك بەسەرهاتی مردن و پاشی مردندا دەكات , واتە : باسی حاڵ و چۆنییەتی ژیانی مرۆڤ لە ڕۆژی قیامەتدا (هەڵسانەوە) دەكات , حەشر بە مانای لێ پێچینەوە دێت , واتە ئەوكاتەی خودا مردووەكان هەڵدەستێنێتەوەو لە جێگایەك كۆیان دەكاتەوە , پاشان لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەكات" ئەم داستانە بۆ یەكەمینجار لەلایەن(ئەحمەد حلمی دیاربەكری) لە ساڵی (١٤٠٤ ك ی/ ١٩٨٤)ی زاینی نووسراوەتەوەو لە (٥٤٦) كۆپلەی شیعریی پێكهاتووە [دۆسكی , ٢٠١٠ , ٩٨] .

١٦- خانای قوبادی جگە لە(شیرین وخوسرەو)دوو بەرهەمی تری نیزامی گەنجەوی , بە ناوەكانی:(لەیلاو مەجنوون

و ئەسكەندەر نامە) بە دەستكارییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی [ڕێبین , ٢٠١٦ , ٢٢] .

١٧ – ئەم شیعرە لەدیوانی مەولەویدا نییە , لە كەشكۆڵی قادری سەلەسی وەرگیراوە[ قەرەداغی , ١٩٩٨ , ١٣٧] .

١٨ – شاعیر بەم داستانە شیعرییە درێژەی كە لە (٢١٠) دێرە شیعر پێكهاتووە , ڕووداوی شەهیدبوونی (شێخ ئەحمەدی بەرزنجە )و (شێخ سەعید) , كە دەكاتە باوك و برای شێخ مەحموودی حەفید و ئەو كارەساتەی جەردەو ڕێگرو قاچاغچی و پیاوكوژی بنەماڵە شۆفینییەكانی مووسڵ دەگێڕێتەوە , لە بابەت ئەو ئاژاوەیەی خستییانە ناوەوە بۆ لە ناو بردنی بنەماڵەی شێخانی سلێمانی , كە لە مووسڵ دەستبەسەر بوون , هەرچەندە ئەم كارەی شاعیر لە ڕووداوەوە وەرگیراوەو ڕووداوەكەش لە ڕۆژی دووەمی جەژنی قوربانی ساڵی (١٣٢٦ك) بەرامبەر بە (١٩٠٨ز) ڕوویداوە , بەڵام تێڕوانینی شاعیر كاری خۆی كردووەو لە چوارچێوەی ڕاستی مێژوویی هاتۆتە دەرەوەو بووە بە بەرهەمێكی ئەدەبی [كاكەیی , ٢٠٠٦ , ٣٣٣] [خەزنەدار , ٢٠٠٤ , ٥٦٢] .

١٩ – ڕەوزەتوسسەفا : داستانێكی شیعریی درێژەو زیاتر لە (١٥) هەزار دێرە شیعری مەسنەوی پێكهاتووە , شاعیر بنەچەی ئەم داستانەی لە چیرۆكێكی شیعریی بە زمانی عەرەبی بە ناوی (روچە الاحباب) وەرگرتووەو بە شێوە زاری گۆرانی دایڕشتووەتەوە, ناوەڕۆكەكەی : باس لە چۆنیەتی درووستبوونی كەون و كائینات و هاتنی پێغەمبەرو بلاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام دەكات [هەورامانی , ٢٠٠٤ ,٢٤٦].

٢٠ – ئەم شیعرە , كە(٨٢) دێرە شیعری مەسنەوییە , لەسەر كێشی هیجای (١٠) بڕگەییەو بە بۆنەی كۆچی دوایی شێخ عوسمانی بیارە ناسراو بە(شیخ سیراجەددین )و لەساڵی (ك١٢٨٣ك) نووسراوە[قەرەداغی , ٢٠١٠ ,١٤٧]

٢١ - ئەم چیرۆکە شیعرییە لە٢/١٢/١٩٤٦ لەسلێمانی نووسراوەتەوەو لە(٢٨٥) دێرەشیعری مەسنەوی پێکهاتووە **[زێوەر , ٢٠٠٣ , ٢٥٦]** .

٢٢ - شیعری ئایینی(ئیسلامی) : ئەو شیعرەیە , کە ناوەڕۆکەکەی بەستراوە بە بابەتێك لە بابەتەکانی ئایینی , تێیدا ستایشی خوداو پێغەمبەر بکات , یان باسی جوانی و چاکی خودا بکات و هەر شتێك کاریگەری خودای لەسەر بێت , هەروەها باسێکی بەهەشت و دۆزەخی تێدا بێت , هەروەها بنەماکانی ئایینی لەخۆ گرتبێت , یان باسی گەلێك شتان بکات لەوانەی کە پەرستن و باوەڕی پێ هێنابێت **[ئامێدی , ٢٠٠٦ , ١٤٨]** .

٢٣ - زات : یانی خودا تاق و تەنیاو بێ هاوتایە , سیفاتیش : یانی خودا کۆنەو هەر لە مێژەوە بووەو هەر هەیەو زیندووەو مردنی بۆ نییە **[سەفی زادە , ٢٠٠٨ , ٤٧٠]** .

٢٤- لە بارەی ئەم نامەی مەلا محەمەدی سێوچی کە بە ناوی (تژکرە العوام)ە و خۆی لە (١٢٧) کۆپلەی شەشینە دەدات , لە لایەن محەمەد عەلی قەرەداغی یەوە چەندینجار لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونی بۆ کراوە , کە دواجار لە کتێبی دەقنامەدا بە (٦٣) لاپەرە خراوەتە ڕوو . **[ قەرەداغی , ٢٠٠٨ , ٩٥ - ١٥٨]**.

٢٥ - شاعیر کە کۆکەرەوەو ساغکەرەوەو لێکدانەوەی دیوانی شیعری مەلای گەورەی کۆیێ کردووەو ناوی ناوە : کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیێ , شاعیر لە ساڵی (١٣٧٨)ی هەتاوی بەرامبەر بە (١٩٩٩)ی زایینی لە شاری مهاباد لە نووسینەوەی بووەتەوە خۆی لە (٧٣٠) لاپەرەدا دەبینێتەوە **[گورژی , ٢٠٠٩ , ٤٠]**.

## ليستی سەرچاوەكان

### يەكەم - بە زمانی كوردی :

### ا - كتێب :


١- قورئانی پیرۆز , سوروتی ( العلق ) .

٢- ئەحمەدێ خانی , مەم و زین , شرۆڤەكرن وڤەكۆلینا: ئەمینێ ئۆسمان , چاپا ئێكێ , چاپخانا (الجاحظ) , ١٩٩٠.

٣-ئەحمەدێ خانی و محەمەد كەربەلایی , دوو فەرهەنگێن ڤەهاندی نوبارو(مرصاد ألاطفال) , بەرهەڤكرن : تەحسین ئیبراهیم دۆسكی , چاپی یەكەم , چاپخانەی سپیرێز , دهۆك , ٢٠١٠ .

٤- ئەلبێرت فۆن لۆكۆك , تێكستی كوردی , پێشەكی و لەچاپدانەوەی : نەجاتی عەبدوڵلاَ , چاپی یەكەم , چاپخانەی : دەزگای ئاراس , هەولێر , ٢٠٠٧ .

٥- ئیدریس عەبدوڵلاَ مستەفا : داستان لە ئەدەبی كوردیدا , گۆڤاری ئەكادیمی , ژمارە/٧, ساڵی ٢٠٠٨ .

٦- پرتەو بەگێ هەكاری , دیوانا پەرتەو بەگێ هەكاری , بەرهەڤكرن : تحسین ئیبراهیم دۆسكی , چاپا ئێكێ , چاپخانا : حاجی هاشم , هەولێر , ٢٠٠٦ .

٧- پرتەو بەگێ هەكاری , دیوانا پەرتویێ هەكاری , بەرهەڤكرن و تویژاندنا : صادق بهاوالدین ئامێدی , چاپی یەكەم , چاپخانەی : دار الحریە للگباعە , بغداد , ١٩٧٨ .

٨- تحسین ئیبراهیم دۆسكی , ل دۆر ئەدەبێ كرمانجی , چاپا ئێكێ , كۆڕی زانیاری كوردستان , هەولێر , ٢٠٠٤ .

٩- حارپێ بدلیسی , لەیلەو مەجنون , بەرهەڤكرن : تەحسین دۆسكی , چاپا ئێكێ , چاپخانا : وەزارەتا پەروەردێ , هەولێر , ٢٠٠٤ .

١٠- خالید شارەزووری نەقشبەندی , عەقیدەی ئیمان عەقیدەی كوردی(لوبەلعەقایید), ئاشناكردن و لێكۆڵینەوەی : كەمال رەئووف محەمەد (بابی لالۆ) , چاپی یەكەم , چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە , هەولێر , ٢٠٠٤ .

١١- خانای قوبادی , شیرین و خوسرەو , محمدی مەلا كەریم ساغی كردووەتەوەو فەرهەنگی بۆ رێكخستووەو پێشەكی بۆ نووسیوە , چاپی یەكەم , چاپخانەی : كۆڕی زانیاری كورد - بەغدا , ١٩٧٥.

١٢- خانای قوبادی , دیوانی خانای قوبادی , كۆكردنەوەو لێكۆڵینەوەی: كاروان عوسمان خەیات(رێبین) ,چاپی یەكەم , چاپخانەی شوان , سنە , ئێران , ٢٠١٦ .

١٣- زێوەر , دیوانی زێوەر , ئامادەكردنی : مەحموود زێوەر , چاپی یەكەم , چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە , ٢٠٠٣ .

١٤- سدیق بۆرەكەیی(سەفی زادە) , مێژووی وێژەی كوردی , بەرگی یەكەم و دووەم , چاپی دووەم , چاپخانەی ئاراس , هەولێر , ٢٠٠٨ .

١٥- سەلیمێ هیزانی , یوسف و زولەیخا , ڤەوژاندن و بەرهەڤکرنا : تەحسین ئیبراهیم دۆسکی , چاپا ئێکێ , چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ , هەولێر , ٢٠٠٤ .

١٦- شێخ عەزیزجانەوەرەیی , دیوانی عەزیز , ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی : محەمەد قەرەداغی , چاپی دووەم , هەولێر , ٢٠١٠ .

١٧- عەبدوڵلا بەگی میصباح دیوان , دیوانی ئەدەب , کۆکردنەوە , بەراورد , ساغکردنەووە فەرهەنگ : محەمەد حەمە باقی , چاپی یەکەم , چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە , هەولێر , ٢٠٠٥ .

١٨- عەبدوڵلاخدر مەولود , لێکۆڵینەوەك لەشیعرەکانی حەمدی , چاپی یەکەم , چاپخانەی رۆشنبیری , ٢٠٠٤ .

١٩- مارف خەزمەدار( دکتۆر ) , مێژووی ئەدەبی کوردی , بەرگی دووەم , چاپی یەکەم , چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە , هەولێر , ٢٠٠٢ .

٢٠- مارف خەزمەدار( دکتۆر ) , مێژووی ئەدەبی کوردی , بەرگی چوارەم , چاپی یەکەم , چاپخانەی پەروەردە , ٢٠٠٤ .

٢١ - محەمەد زوبێر بایەزی , ئەدەبیات و رێزمانی فارسی , چاپی یەکەم , چاپخانەی هێڤی , هەولێر , ٢٠١٣ .

٢٢ - محەمەد عەلی قەرەداغی , بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە , بەرگی یەکەم , چاپی یەکەم , چاپخانەی ( ومیچ ) , بەغداد , ١٩٩٨ .

٢٣- محەمەد عەلی قەرەداغی , بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە , بەرگی سێیەم , چاپی یەکەم , چاپخانەی : الخنساو , بغداد , ٢٠٠٠ .

٢٤- محەمەد عەلی قەرەداغی , دەقنامە , بەرگی یەکەم , چاپی یەکەم , چاپخانەی : ئاراس , هەولێر , ٢٠٠٨.

٢٥- محەمەد ئەمین هەورامانی , گوڵزاری هەورامان , بەرگی دووەم , چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە , ٢٠٠٤

٢٦- مەولەوی , دیوانی مەولەوی , کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو لەسەرنووسینی : مەلا عبدالکریمی مدرس , چاپی یەکەم , چاپخانەی کۆری زانیاری کورد , بەغداد , ١٩٧٨ .

٢٧- میرزا خەلیل منەوور , دیوانی میرزاخەلیل منەووەری کاکەیی , کۆکردنەوەولێکۆڵینەوەی : هەردەوێڵ کاکەیی , بەرگی یەکەم , چاپی یەکەم , چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە , هەولێر , ٢٠٠٦ .

٢٨- مەلا حوسێنی گورژی , کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیێ , چلپی یەکەم , چاپخانەی ( التفسیر ) , هەولێر , ٢٠٠٩ .

٢٩- نەوزاد کەلهور , رەهەندی ئایین لە شیعری کلاسیکی کوردی کرمانجی خواروو , چاپی یەکەم , چاپخانەی : تەفسیر , هەولێر , ٢٠٠٨ .

**ب : گۆڤار :**

**٣٠- عبدالرحمن مزووری , هۆزانڤانێ كورد سەلیمێ هیزانی و بەرهەمێ وی یووسف و زولەیخا , گۆڤاری كاروان , ژمارە / ٩٣ , سالی ١٩٩٤, ل: ٢٧ - ٢٩ .**

**٣١ - عەبدوڵلا یاسین ئامێدی( دكتۆر) , هۆزانا ئایینی د بەرهەمێ پەرتوییێ هەكاریدا , گۆڤاری ئەكادیمی , ژمارە/ ٤ , هەولێر , سالی ٢٠٠٦ , ل: ١٤٥ - ١٧٢ ) .**

**٣٢- مارف خەزنەدار( دكتۆر) , لە پێناوی نووسینی مێژووی ئەدەبی كوردی دا , گۆڤاری ئەكادیمی , ژمارە/ ١ , هەولێر , سالی ٢٠٠٢ , ل : ٢٤٥ - ٢٦٢ .**

**دووەم : بە زمانی عەرەبی :**

**ا : كتێب :**

٣٣- ادوارد جرانفل براون , تاريخ ألادب في ايران , من الفردوسي الى السعدي , نقله الى العربية: د. ابراهيم أمين الشواربي , طبعة /الثانية , المكتبة الثقافية الدينية , القاهرة , مصر , ٢٠٠٤ .

٣٤- أحمد بن حنبل , مسند ألامام أحمد , الجزء الثاني , طبعة الثانية , القاهرة مصر , ١٣١٣ ه .

٣٥- ضياءالدين الخالدي المقدسي , الهدية الحميدية في اللغة الكردية , حققه وقدم له مع دراسات لغوية : الدكتور محمد مكري , الطبعة الاولى , مطبعة دياربكر , تركيا , ٢٠١١ .

٣٦- محي الدين أبي زكريا شرف النووي الشافعي , رياض الصالحين , تحقيق : عبدالله أحمد أبو زينة , مطبعة (دار القلم) , بيروت , لبنان , ١٩٨٤ .

**سێیەم : بە زمانی فارسی :**

**ا - كتێب :**

**٣٧- ژبیح الله صفا( دكتر), تأریخ أدبیات ایران, جلد أول , چاپ بیستم , چاپ شمشاد , تهران , ایران , ١٣٨١, هەتاوی .**

## ملخص البحث

بسبب وقوع الكورد وشعوب المشرق الأُخرى كالفرس والترك والعرب في إطار دعوة الدين الاسلامي الحنيف وتأثيره وسيطرته , لذا فإن النتاجات الأدبية القديمة للكورد وألتي عرفت ب : (الكلاسيكية) إنعكس فيها الإسلام والقرآن الكريم . وألقرآن الكريم كأوّل كتاب والمصدر للإسلام إستهل معظم سورها (عدا سورة البراءة) بسم الله تعالى و ذاته و صفاته , واولى السور في القرآن الكريم نزلت بسم الله , وإن معظم الكتابات والنصوص القديمة والطويلة لشعوب المشرق المسلم أخذت أسلوبها من القرآن الكريم وإنعكس فيها شكله ومحتواه , لأن العُرف آنذاك كان يتطلب هذا الأمر بوجوب شبه النصوص بالقرآن الكريم من حيث بِدؤها بسم الله , أو ذاته وصفاته كبقية الكتب السماوية المباركة الأخرى .لذلك وفي هذا الإطار أرتئينا أن نجعل من موضوع (ألله و إسمه في مطلع قصائد شعراء الكورد الكلاسيكيين) كدراسة نقدية وصفية نواة لموضوعنا ؛ وسبب إختيارنا لهذا الموضوع هو : وجود ملاحظة بأن المطلع الشعري في شعر شعراء الكورد , وحسب علمنا لم يتطرق إليها أحد من الباحثين ولم يُدرس بشكل علمي أو إصاله الى القرُاء , ويعود ذلك إلى أن الشعراء الكورد القدامى مع إنهم كانوا مسلمين ورجال دين و مخلصين لدينهم وهم خريجي الكتاتيب والمساجد , لم يكن الموضوع قيد الإهتمام كما ينبغي لدى النقاد و مؤرخي الأدب كظاهرة وأساس في البحوث الأدبية .يتكون بحثنا هذا من قسمين , القسم الأول الذي جاء بعنوان : المطلع في شعر الشعراء , و يتكون من محورين , في محورالأول حاولنا توضيح ماهية المطلع ومعناه وأسبابه وإستعمالاته لدى شعراء أمم المشرق عامة و شعراء الكورد خاصة , و كذلك توضيح كيفية فهم شعوب لهذا الموضوع ؛ وفي المحورالثاني خصص لبيان لوازم المطلع في شعر الشعراء . أما القسم الثاني : فقد خصَص لدراسة (اسم الله تعالى و ذاته و صفاته) كمطلع في شعر الشعراء الكورد الكلاسيكيين , وهذا القسم جاء في محورين أيضأ , في الأول حاولنا توضيح (إسم الله) كمطلع أو كبداية الشعر , ثم كيفية عرضه لدى الشعراء , و خصص هذا المحور للمسائل الرئيسة في اللغة الكوردية والتي كتب بها تأريخ الأدب مع تقديم الأمثلة المناسبة لهذا الموضوع , والمحورالثاني خصَص لذات الله تعالى وصفاته مع محاولة التعرف على صفات ذات الله تعالى بأجمل الكلمات وأوضحها ؛ وفي نهاية البحث قدمنا النتائج التي توصلنا إليها , مع ذكر أهم المصادر التي تم الإستفادة منها , مع أمل أن نكون قد وفقنا في سلَ ثغرة في الأدب الكوردي وفي إثراء مكتبة الأدب الكوردي .

# Abstract

**The God and his names in the beginning of the Classic Poems of the Kurdish Classic Poets.**

**Due to the fact that Kurdish nation, like other eastern nations (including Persians , Turkish and Arabic), has been affected by the Islam Religion , even the Kurdish Arabic Literature which is Known as classicism has been reflected by the impact of Islam and the holy Quran . The holy Quran, as the first sacred origin of Islam religion, starts with the Gods or Allah s names. Even the first verse of the Quran has descended with the Gods name. Likewise, the book written in the past have started with the Gods names. The researcher, here, tries to critically and descriptively investigate the Gods names from the beginning of Kurdish Classic Poems.**

**The purpose of the present study is to deal with the beginning of Eastern poems including Kurdish poems which haven't been studied scientifically yet.**

**The study is comprised of two sections, The first section is sub-divided into two parts, The first part discusses the concepts, meanings, the rescan and acknowledgement of using the Gods names in the beginning of the eastern nations poems generally and Kurdish poems especially. The second part is about the tools used in the beginning of poems. The second section is special to the mentioning of the Gods names in the beginning of the Kurdish classic poems. This section has two parts too, part one is to try to signify the Gods names and the ways of utilizing them by the Kurdish poets. And part two is about showing the Gods names in the best and perfect way. Finally, A number of points are drawn as conclusions, and it is followed by a list of references with the hope of enriching the Kurdish literature library.**